هەرکەسێک ستەمێکی لە برایەکی کردووە، لە کەسایەتی یان هەرشتێکی تر؛ ئەوا با داوای گەردن ئازایی (داوای لێبووردنی) لێبکات ئەمڕۆ پێش ئەوەی (ڕۆژێک بێت) دینار ودرهەمی تێدا نەبێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک ستەمێکی لە برایەکی کردووە، لە کەسایەتی یان هەرشتێکی تر؛ ئەوا با داوای گەردن ئازایی (داوای لێبووردنی) لێبکات ئەمڕۆ پێش ئەوەی (ڕۆژێک بێت) دینار ودرهەمی تێدا نەبێت، ئەگەر (ستەمکارەکە) کردەوەی چاکی هەبوو؛ (ستەملێکراوەکە) بە پێی ستەمەکەی کردەوەکانی لێوەردەگرێت، ئەگەر کردەوەی چاکەی نەبوو؛ لە کردەوە خراپەکانی هاوڕێکەی (ستەملێکراوەکە) وەردەگیرێت ودەکرێتە گەردنی».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بە هەرکەسێک کە ستەمێکی لە برایەکی مسوڵمانی کردووە؛ لە کەسایەتی یان لە پارە وسامانی یان لە خوێنی، ئەوا با داوای گەردن ئازایی وداوای لێبووردنی لێبکات هەتاوەکو لە دونیادا ماوە، پێش ئەوەی ڕۆژی قیامەت بێت کە دینار ودرهەمی زیو سوودی تێدا نەبێت بۆئەوەی بیدات بە ستەمکار وگەردنی پێ ئازاد بکات، تۆڵەسەندنەوە لەو ڕۆژەدا بە چاکە وخراپەیە؛ ستەملێکراو لە چاکەکانی ستەمکار دەبات بە پێی ستەمکردنەکەی، ئەگەر ستەمکار چاکەی نەبوو ئەوا لە خراپەکانی ستەملێکراوەکە دەهێنرێت ودەخرێتە ئەستۆی ستەمکار بە پێی ستەمەکەی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5438